تەفسیری ئایەتەکانی ڕۆژوو

وە ڕوونکردنەوەی گرنگترین حوکمەکانی ڕۆژوو

وە هەندێک لەوەی پەیوەندی پێوەی هەیە

ئامادەکردنی : هەژار بۆ لای پەروەردگارەکەی :

هەیثەم موحەممەد سەرحان

مامۆستا لە پەیمانگای حەرەم لە مزگەوتی پێغەمبەری خوا –لە پێشدا - و

سەرپەرشتیاری پەیمانگای سوننە

mahadsunnah.com

خوا لە خۆی و دایک و باوکی و هەرکەسێک یارمەتی داوە لە دەرکردنی ئەم کتێبە

خۆش بێت

چاپی یەکەم

هەموو مافەکان پارێزراون

چاپی یەکەم

(ئەم نوسخەیە ئەلیکترۆنییە لەژێر دەرچووندایە و هێشتا ئامادە نییە بۆ چاپکردن)

١٤٤٧ کۆچی - ٢٠٢٦ زاینی

پێڕست

پێڕست ٣
پێشەکی ٤
ئایەتەکانی ڕۆژوو و تەفسیرەکەی ٦
ڕاستی ڕۆژوو و فەزڵەکەی ١٤
لە ئەحکامەکانی ڕۆژوو ١٦
جۆرەکانی ڕۆژوو بەپێی حوکمەکەی ٢١
ئامۆژگاری گرنگ بۆ ڕۆژووان لە ڕەمەزاندا ٢٢
هۆکارگەلێک کە یارمەتی موسڵمان دەدەن لە ڕەمەزاندا ٢٥
لە ئەحکامەکانی شەوی قەدر ٢٨
لە ئەحکامەکانی زەکات سەرفیترە ٣٢
لە ئەحکامەکانی نوێژی جەژن ٣٣
چەند پرسیارێك بۆ خوێنەر ٣٦

پێشەکی

بەناوی خوای بەخشندەی میهرەبان

سوپاس بۆ خوا، سوپاسی دەکەین و داوای یارمەتی لێ دەکەین و داوای لێخۆشبوونی لێ دەکەین، و پەنا دەگرین بە خوا لە خراپەکانی دەروونمان و کردەوە خراپەکانمان، هەرکەسێک خوا ڕێنمایی بکات ئەوا کەس نییە گومڕای بکات، و هەرکەسێک گومڕا بێت بکات ئەوا کەس نییە ڕێنمایی بکات، و شایەتی دەدەم کە هیچ پەرستراوێک نییە شایەنی پەرستن بێت جگە لە الله ، تەنها و بێ هاوبەشە، و شایەتی دەدەم کە موحەممەد بەندە و پێغەمبەری ئەوە (صلى الله عليه وسلم).

أما بعد :

بەڕاستی ڕۆژوو پەرستنێکی گەورەیە، و پایەیەکە لە پایەکانی ئیسلام، خوای گەورە بۆ بەندەکانی داناوە وەک ڕەحمەتێک پێیان، و پاککردنەوەیەك بۆ دەروونیان، و پەروەردەکردنێك بۆ دڵیان، و بەستنەوەیان بە مەبەستەکانی بەندایەتی دڵسۆزانە، و خوای گەورە فەرزکردنەکەی بەستۆتەوە بە بانگەوازی ئیمانەوە، و ئامانجەکەی کردووە بە بەدەستهێنانی تەقوا، بۆیە بووە بە قوتابخانەیەکی ئیمانی کە تێیدا بەندە پەروەردە دەبێت لەسەر چاودێری کردنی پەروەردگارەکەی و موجاهەدەی نەفسی و پێشخستنی فەرمانی خوا بەسەر ئارەزووی و خووی جەستەدا.

بەڕاستی دەقەکانی قورئان و سوننەت زۆرن لەسەر ڕوونکردنەوەی پلەو پایەی ڕۆژوو، و باسکردنی فەزڵەکەی و وردەکاری حوکمەکانی و مەرج و ئادابەکانی، کە بەڵگەن لەسەر گەورەیی ئەو مانگە ، وە زۆری ئەوەی پەیوەستە پێوەی لەو مەسەلانەی کە موسڵمان پێویستی پێیەتی بۆ شارەزابوون لێی ؛ تاوەکو بەندایەتی پەروەردگاری بکات لەسەر بەرچاوڕوونی، و ئەم فەرزە ئەنجام بدات بەو شێوەیەی کە خوای گەورە ڕازی دەکات.

لەم ڕوانگەیەوە ئەم نامەیە هات بۆ خستنەڕووی حوکمەکانی ڕۆژوو بە کورتی و ئاسانی، بەستراو بە بەڵگەوە لە قورئان و سوننەت، لەگەڵ پابەندبوون بەوەی ئەهلی عیلم بڕیاریان لەسەر داوە، بەبێ

درێژدادڕی بێزارکەر، و بەبێ کورتبڕی تێکدەر، بە ئومێدی ئەوەی ببێتە یارمەتیدەر بۆ قوتابیانی زانست، وە بۆ موسڵمان لە ئەنجامدانی ئەم پەرستنە بە شێوەیەکی دروست.

داواکارین لە خوای زیندوو و ڕاگری زەوی و ئاسمان کە ئەم کارە تەنها لەبەر خۆی بوو بێت و سوود بگەیەنێت بە خوێنەر و نووسەر و یارمەتیدەر، بەڕاستی ئەو وەلی ئەوەیە و توانای بەسەریدا هەیە، و دروود و بەرەکەت بڕژێت بەسەر موحەممەدی پێغەمبەری نەخوێندەوار، و بەسەر ئال و بەیت و هاوەڵانی و ئەوەی بە چاکە شوێنیان کەوتووە تا ڕۆژی دوایی.

ئایەتەکانی ڕۆژوو و تەفسیرەکەی

خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ١٨٣ أَيَّامٗا مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥۚ وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٨٤ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ وَلِتُكۡمِلُواْ ٱلۡعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ١٨٥ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌۖ أُجِيبُ دَعۡوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِۖ فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ ١٨٦ أُحِلَّ لَكُمۡ لَيۡلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمۡۚ هُنَّ لِبَاسٞ لَّكُمۡ وَأَنتُمۡ لِبَاسٞ لَّهُنَّۗ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَخۡتَانُونَ أَنفُسَكُمۡ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡ وَعَفَا عَنكُمۡۖ فَٱلۡـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِۚ وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقۡرَبُوهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ١٨٧ ﴾ البقرة: ١٨٣ - ١٨٧

زانای پایەبەرز سەعدی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی:

﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا كُتِبَ عَلَيكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبلِكُم لَعَلَّكُم تَتَّقُونَ ١٨٣﴾.

خوای گەورە هەواڵ دەدات بەوەی کە منەتی ڕژاندووە بەسەر بەندەکانیدا، بەوەی ڕۆژووی لەسەریان فەرز کردووە هەروەکو چۆن لەسەر ئوممەتانی پێشوو فەرزی کردبوو؛ چونکە ئەمە لەو شەریعەت و بابەتانەیە کە بەرژەوەندی دروستکراوانی تێدایە لە هەموو سەردەمێکدا، وە هاندانی تێدایە بۆ ئەم

ئوممەتە، بەوەی دەبێت ئێوە پێشبرکێ بکەن لە گەڵ ئەوانی تردا لە تەواوکردنی کردەوەکاندا، وە پەلەکردن بۆ ئاکارە باشەکان و ئەمە لەو کارە قورسانە نییە کە تایبەت کرابێتن پێیەوە.

پاشان خوای گەورە حیکمەتەکەی باسکرد لە شەرعییەتدانی ڕۆژوودا و فەرمووی: ﴿لَعَلَّكُم تَتَّقُونَ﴾، چونکە ڕۆژوو یەکێکە لە گەورەترین هۆکارەکانی بەدەست هێنانی تەقوا؛ چونکە گوێڕایەڵی فەرمانی خوا و دوورکەوتنەوە لە نەهییەکانی تێدایە.

لەو شتانەی کە تەقوا لەخۆ دەگرێت:

- ئەوەی ڕۆژووان وازی لێ دەهێنێت کە خوای گەورە حەرامی کردووە لەسەری لە خواردن و خواردنەوە و جووت بوون و هاوشێوەکانیان، کە نەفس حەزی بۆی دەچێت؛ بەمەبەستی خۆنزیکردنەوە لە خودا، بە ئومێدی بەدەست هێنانی پاداشتەکەی بەهۆی وازهێنان لێی، ئەمەش لە تەقوایە.
- لەوانە: ڕۆژووان ڕاهێنان بە نەفسی خۆی دەکات لەسەر چاودێری کردنی خوای گەورە، بۆیە واز لەوە دەهێنێت کە نەفسی حەزی لێیەتی لەگەڵ بوونی توانای لەسەری؛ چونکە دەزانێت خوای گەورە ئاگادارە لێی.
- لەوانە: ڕۆژوو ڕێڕەوەکانی شەیتان تەسک دەکاتەوە، چونکە شەیتان بەناو دەمارەکانی نەوەی ئادەمدا دەڕوات وەکو خوێن، جا بە ڕۆژوو دەسەڵاتی لاواز دەبێت و ئەمیش تاوانەکانی کەم دەبێتەوە.
- لەوانە: ڕۆژووان لە زۆربەی کاتدا گوێڕایەڵی زۆر دەبێت، و گوێڕایەڵیش لە ئاکارەکانی تەقوایە.
- لەوانە: دەوڵەمەند کاتێک ئازاری برسێتی دەچێژێت ئەوە وای لێ دەکات هاوسۆزی هەژارە نەدارەکان بێت، ئەمەش لە ئاکارەکانی تەقوایە.

﴿ أَيَّامًا مَّعۡدُودَٰتٖۚ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۚ وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ فِدۡيَةٞ طَعَامُ مِسۡكِينٖۖ فَمَن تَطَوَّعَ خَيۡرٗا فَهُوَ خَيۡرٞ لَّهُۥۚ وَأَن تَصُومُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۖ إِن كُنتُمۡ تَعۡلَمُونَ ١٨٤ ﴾.

کاتێک خوای گەورە باسی ئەوەی کرد کە ڕۆژووی لەسەریان فەرز کردووە، هەواڵی دا بەوەی کە ڕۆژانێکی دیاریکراوە ؛ واتە: کەمە و لەوپەڕی ئاسانیدایە، پاشان ئاسانکارییەکی تری کرد و فەرمووی: ﴿ فَمَن كَانَ مِنكُم مَّرِيضًا أَو عَلَىٰ سَفَرٍ فَعِدَّةٌ مِّن أَيَّامٍ أُخَرَ ﴾ ئەمەش لەبەر ئەو ناڕەحەتییەی کە هەیەتی لە زۆربەی کاتدا، خوای گەورە ڕوخسەتی پێدان بە ڕۆژوو نەگرتن.

کاتێک کە دەبێت بەرژەوەندی ڕۆژووەکە بۆ هەموو باوەڕدارێک بەدەست بێت، فەرمانی پێکردن کە قەرەبووی بکەنەوە لە ڕۆژانی تردا کاتێک نەخۆشییەکە نامێنێت و سەفەرەکە تەواو دەبێت، و ئیسراحەت بەدەست دێت.

وە لە فەرمایشتەکەی: ﴿فَعِدَّةٌ مِّن أَيَّامٍ أُخَرَ﴾ بەڵگەی تێدایە لەسەر ئەوەی کە دەبێت ژمارەی ڕۆژانی ڕەمەزان قەزا بکاتەوە، تەواو بێت یان کەم و لەسەر ئەوەی دروستە ڕۆژانی کورت و سارد قەزا بکاتەوە لەجیاتی ڕۆژانی درێژ و گەرم؛ وە بەپێچەوانەشەوە.

و فەرمایشتەکەی: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُ﴾ واتە: توانای ڕۆژوویان هەیە ﴿فِديَةٌ﴾ لەجیاتی هەر ڕۆژێک کە ڕۆژووەکەی تیادا ناگرێت ﴿طَعَامُ مِسكِينٍ﴾، ئەمە لە سەرەتای فەرزکردنی ڕۆژوودا بوو، کاتێک ڕانەهاتبوون لەسەر ڕۆژوو، فەرزکردنی بە شێوەیەکی یەکلاکەرەوە ناڕەحەتی تێدا بوو بۆیان، پەروەردگاری دانای پلە بە پلە لەگەڵیان ڕۆیشت بە ئاسانترین ڕێگە، و بژاردەی خستە بەردەم ئەوەی توانای هەیە لەنێوان ئەوەی بەڕۆژوو بێت -کە ئەمەیان باشترە- یان فیدیە بدات، بۆیە فەرمووی: ﴿وَأَن تَصُومُوا خَيرٌ لَّكُم﴾، پاشان دوای ئەوە ڕۆژووی کردە فەرز لەسەر کەسی بەتوانا، و کەسی بەتوانا ڕۆژوو ناگرێت و قەزای دەکاتەوە لە ڕۆژانی تردا.

وه وتراوه: ﴿وَعَلَى ٱلَّذِينَ يُطِيقُونَهُۥ﴾ واته: تەحەمولی دەکەن، و مەشەقەتیان بۆ دروست دەکات مەشەقەتێک کە بەرگە نەگیرێت؛ وەک پیر و پەککەوتە ﴿فِدۡيَةٞ﴾ لەجیاتی هەر ڕۆژێک هەژارێک (نان بدات)، و ئەمە ڕاستەکەیە.

﴿ شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِيٓ أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ هُدٗى لِّلنَّاسِ وَبَيِّنَٰتٖ مِّنَ ٱلۡهُدَىٰ وَٱلۡفُرۡقَانِۚ فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُۖ وَمَن كَانَ مَرِيضًا أَوۡ عَلَىٰ سَفَرٖ فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَۗ يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ وَلِتُكۡمِلُواْ ٱلۡعِدَّةَ وَلِتُكَبِّرُواْ ٱللَّهَ عَلَىٰ مَا هَدَىٰكُمۡ وَلَعَلَّكُمۡ تَشۡكُرُونَ ١٨٥ ﴾.

﴿شَهۡرُ رَمَضَانَ ٱلَّذِي أُنزِلَ فِيهِ ٱلۡقُرۡءَانُ﴾ واته: ئەو ڕۆژووەی لەسەرتان فەرز کراوە، بریتییە لە مانگی ڕەمەزان، ئەو مانگە گەورەیەی کە خوای گەورە فەزڵی گەورەی تێدا دابەزاندووە بۆتان، کە بریتییە لە قورئانی پیرۆز کە هیدایەتی تێدایە بۆ بەرژەوەندییە ئاینی و دونیاییەکانتان، وە ڕوونکردنەوەی حەق بە ئاشکراترین شێوە، وە جیاکردنەوە (فورقان) لەنێوان حەق و باتڵدا ، وە هیدایەت و گومڕایی، وە ئەهلی بەختەوەری و ئەهلی بەدبەختی.

جا شایستەیە بە مانگێک کە ئەمە فەزڵەکەی بێت، وە ئەمە چاکەی خوا بێت بەسەرتانەوە تێیدا، کە ببێتە وەرزێک بۆ عیبادەت و تێیدا ڕۆژوو فەرز بکرێت

جا کاتێک بڕیاری داو فەزڵەکەی و حیکمەتی خوای گەورەی ڕوونکردەوە لە تایبەتمەندێتیەکەیدا؛ فەرمووی: ﴿فَمَن شَهِدَ مِنكُمُ ٱلشَّهۡرَ فَلۡيَصُمۡهُ﴾، ئەمە دیاریکردنی ڕۆژووە لەسەر کەسی بەتوانای تەندروستی ئامادە (موقیم).

و کاتێک نەسخەکە بۆ بژاردەی نێوان ڕۆژوو و فیدیە بوو بە تایبەتی، دووبارە ڕوخسەتەکەی بۆ نەخۆش و موسافیر هێناوە؛ تاوەکو وا گومان نەبرێت کە ڕوخسەتەکەش نەسخ بووەتەوە، بۆیە فەرمووی: ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ بِكُمُ ٱلۡيُسۡرَ وَلَا يُرِيدُ بِكُمُ ٱلۡعُسۡرَ﴾ واته: خوای گەورە دەیەوێت ئاسانکاریتان بۆ بکات ڕێگەکانتان بۆ خۆش بکات کە دەگەیەنێتە ڕەزامەندی خۆی بە گەورەترین ئاسانکاری، و هەر بۆیە هەموو ئەوەی خوای

گەورە فەرمانی پێ کردووە بە بەندەکانی لەوپەڕی ئاسانیدایە لە بنچینەدا، وە ئەگەر هەندێک ئاستەنگ دروست بوون کە بووە هۆی قورسی ، ئەوا ئاسانی دەکات بە ئاسانکارییەکی تر، جا بە لابردنی، یان بە سووککردنی بە جۆرەها سووککردن.

و ئەمە ڕستەیەکە کە ناکرێت وردەکاری بکرێت؛ چونکە وردەکارییەکەی هەموو شەریعەتەکان دەگرێتەوە، و هەموو ڕوخسەت و سووککردنەکان دەچنە ژێریەوە.

﴿وَلِتُكمِلُوا ٱلعِدَّةَ﴾ ئەمە -والله أعلم- تاوەکو کەسێک وا گومان نەبات کە مەبەست لە ڕۆژووی ڕەمەزان بە بەشێکی بەدەست دێت، ئەم گومانەی لابرد بە فەرمانکردن بە تەواوکردنی ژمارەکە (عدە)، وە سوپاسی خوا بکرێت لە کاتی تەواوکردنیدا لەسەر تەوفیق و ئاسانکاری و ڕوونکردنەوەی بۆ بەندەکانی، وە بە تەکبیرکردن لە کاتی کۆتایی هاتنیدا، وە تەکبیرکردن کاتی بینینی مانگی شەووال تاوەکو تەواو بوونی وتاری (خوتبەی) جەژن دەچێتە ناو ئەمەوە .

﴿ وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِى عَنِّى فَإِنِّى قَرِيبٌ ۖ أُجِيبُ دَعْوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ ۖ فَلْيَسْتَجِيبُوا۟ لِى وَلْيُؤْمِنُوا۟ بِى لَعَلَّهُمْ يَرْشُدُونَ ﴿١٨٦﴾ ﴾.

ئەمە وەڵامی پرسیارێکە، هەندێک لە هاوەڵان پرسیاریان لە پێغەمبەری خوا کرد (صلى الله علیه وسلم) و وتیان: ئەی پێغەمبەری خوا؛ ئایا پەروەردگارمان نزیکە تا بە نهێنی قسەی لەگەڵ بکەین، یان دوورە تا بانگی بکەین؟ جا ئایەتی: ﴿وَإِذَا سَأَلَكَ عِبَادِي عَنِّي فَإِنِّي قَرِيبٌ﴾ دابەزی ؛ چونکە خوای گەورە چاودێر و شایەت و ئاگادارە بەسەر نهێنی و شاراوەکاندا، ناپاکیی چاوەکان و ئەوەی سنگەکان دەیشارنەوە دەزانێت، ئەو نزیکە هەروەها لە نزاکارەکەیەوە بە وەڵامدانەوە، و هەر بۆیە فەرمووی: ﴿أُجِيبُ دَعوَةَ ٱلدَّاعِ إِذَا دَعَانِ﴾، دوعا دوو جۆرە: دوعای پەرستن (عبادة)، و دوعای داواکردن (مسألة)، و نزیکیەکەشی دوو جۆرە: نزیکی بە زانستەکەی لە هەموو دروستکراوەکانیەوە و نزیکی لە پەرستشکارانی و نزاکارانی بە وەڵامدانەوەو یارمەتی و تەوفیق.

جا هەرکەسێک داوای لە پەروەردگاری کرد بە دڵێکی ئامادەوە و دوعایەکی شەرعی، وە هیچ ڕێگرێک نەبوو لە وەڵامدانەوەی دوعاکە؛ وەک خواردنی حەرام و هاوشێوەی ، ئەوا خوای گەورە بەڵێنی پێداوە بە وەڵامدانەوە، بەتایبەتی کاتێک هۆکارەکانی وەڵامدانەوەی دوعا ئەنجام دەدات، کە بریتییە لە وەڵامدانەوەی (بەدەنگەوەچوونی) خوای گەورە بە گوێڕایەڵیکردنی بۆ فەرمان و نەهیە (قەولی) و کردارییەکانی، و باوەڕهێنان پێی کە هۆکارە بۆ وەڵامدانەوە، بۆیە فەرمووی: ﴿فَلۡيَسۡتَجِيبُواْ لِي وَلۡيُؤۡمِنُواْ بِي لَعَلَّهُمۡ يَرۡشُدُونَ ١٨٦﴾ واتە: ڕوشد (کامڵ بوون و ڕێگەی ڕاست) یان بۆ بەدەست دێت کە بریتییە لە هیدایەت بۆ ئیمان و کردەوە چاکەکان، و نەمانی گومڕایی (غەی) لێیان کە پێچەوانەی ئیمان و کردەوە چاکەکانە، و لەبەر ئەوەی باوەڕهێنان بە خوا و بەدەنگەوەچوونی فەرمانەکەی هۆکارە بۆ بەدەستهێنانی زانست؛ هەروەک خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِن تَتَّقُواْ ٱللَّهَ يَجۡعَل لَّكُمۡ فُرۡقَانٗا﴾ [الأنفال: ٢٩].

پاشان خوای گەورە فەرمووی: ﴿أُحِلَّ لَكُمۡ لَيۡلَةَ ٱلصِّيَامِ ٱلرَّفَثُ إِلَىٰ نِسَآئِكُمۡۚ هُنَّ لِبَاسٞ لَّكُمۡ وَأَنتُمۡ لِبَاسٞ لَّهُنَّۗ عَلِمَ ٱللَّهُ أَنَّكُمۡ كُنتُمۡ تَخۡتَانُونَ أَنفُسَكُمۡ فَتَابَ عَلَيۡكُمۡ وَعَفَا عَنكُمۡۖ فَٱلۡـَٰٔنَ بَٰشِرُوهُنَّ وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡۚ وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ ثُمَّ أَتِمُّواْ ٱلصِّيَامَ إِلَى ٱلَّيۡلِۚ وَلَا تُبَٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَٰجِدِۗ تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَقۡرَبُوهَاۗ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ١٨٧﴾.

لە سەرەتای فەرزکردنی ڕۆژوودا لەسەر موسڵمانان حەرام بوو لە شەودا دوای خەوتن خواردن و خواردنەوە و جیماع ئەنجام بدەن ، جا مەشەقەت دروست بوو بۆ هەندێکیان، خوای گەورە سووکی کرد لەسەریان و ڕێگەی پێدان لە شەوانی ڕۆژوودا هەمووی ئەوانە : خواردن و خواردنەوە و جیماع، جا خەوتبێت یان نەخەوتبێت؛ لەبەر ئەوەی ئەوان خیانەتیان لە نەفسی خۆیان دەکرد بە وازهێنان لە هەندێک لەوەی فەرمانیان پێ کرابوو پێی.

﴿فَتَابَ عَلَيۡكُمۡ﴾ خوای گەورە تەوبەی لێ وەرگرتن بەوەی کە کارەکەی فراوان کرد لەسەرتان -ئەگەر فراوانیەکەی نەبوایە- دەبووە هۆی تاوان، ﴿وَعَفَا عَنكُمۡ﴾ ئەوەی ڕابوردوو لە خیانەتکردن، ﴿فَٱلۡـَٰٔنَ﴾ دوای ئەم ڕوخسەت و فراوانییە لەلایەن خواوە ﴿بَٰشِرُوهُنَّ﴾ بە جووتبوون و ماچکردن و دەستلێدان و جگە لەوەش، ﴿وَٱبۡتَغُواْ مَا كَتَبَ ٱللَّهُ لَكُمۡ﴾ واتە: نیەتتان لە جیماعکردن بۆ ژنەکانتان نزیکبوونەوە بێت لە خوای گەورە، و مەبەستە گەورەکە لە جیماع، کە بریتییە لە: بەدەستهێنانی نەوە، وە پاراستنی داوێنی خۆی و داوێنی خێزانەکەی، وە بەدەستهێنانی مەبەستەکانی نیکاح.

وە لەوەی کە خوای گەورە نووسیوێتی بۆتان شەوی قەدر، کە هاوتایە لەگەڵ شەوانی ڕۆژووی ڕەمەزاندا، جا نابێت ئێوە سەرقاڵ بن بەم چێژە ئەویتر بەفیڕۆی بدەن، چونکە چێژەکە قەرەبوو دەکرێتەوە، بەڵام شەوی قەدر ئەگەر چوو ئەوا دەست ناکەوێتەوە.

﴿وَكُلُواْ وَٱشۡرَبُواْ حَتَّىٰ يَتَبَيَّنَ لَكُمُ ٱلۡخَيۡطُ ٱلۡأَبۡيَضُ مِنَ ٱلۡخَيۡطِ ٱلۡأَسۡوَدِ مِنَ ٱلۡفَجۡرِۖ﴾ ئەمە کۆتایی (کاتەکەیە)یە بۆ خواردن و خواردنەوە و جیماع، و تێیدایە:

- ئەگەر خواردنی خوارد و هاوشێوەی ئەوە بە گومانەوە لە دەرچوونی فەجر ئەوا هیچ گوناهی لەسەر نییە.
- تێیدایە: بەڵگە لەسەر سوننەت بوونی پارشێو (سوحور)؛ لەبەر فەرمان پێکردنی، وە دواخستنی سوننەتە بە وەرگرتنی مەعنای ڕوخسەتی خوا و ئاسانکارییەکەی بۆ سەر بەندەکان.
- هەروەها: بەڵگەی ئەوەی تێدایە کەوا دروستە فەجر دەربچێت لەکاتێکدا ئەو لەسەر جەنابەتبێت لە جیماع پێش ئەوەی خۆی بشوات، وە ڕۆژووەکەی دروستە؛ چونکە پێویستی ڕێگەپێدانی جیماع تا دەرچوونی فەجر ئەوەیە کە دەرکەوتنی فەجر بیگرێتەوە لە کاتێکدا ئەو لەسەر جەنابەت بێت، و ئەوەش حەقە.

- ﴿ثُمَّ﴾ کاتێک فەجر دەرکەوت ﴿أَتِمُّوا۟ ٱلصِّيَامَ﴾ واتە: گرتنەوە لە ڕۆژوو شکێنەرەکان ﴿إِلَى ٱلَّيۡلِ﴾ کە بریتییە لە ئاوابوونی خۆر، وە لەبەر ئەوەی ڕێگەپێدانی جیماع لە شەوانی ڕۆژوودا ڕێگەپێدانێکی گشتی نییە بۆ هەموو کەسێک، چونکە موعتەکیف (ئەوەی لە مزگەوت دەمێنێتەوە) دروست نییە بۆی؛ بۆیە ئیستیسنای کرد بە فەرمایشتەکەی: ﴿وَلَا تُبَـٰشِرُوهُنَّ وَأَنتُمۡ عَـٰكِفُونَ فِي ٱلۡمَسَـٰجِدِ﴾ واتە: وە ئێوە کە وەسف کراون بەوە، وە ئایەتەکە بەڵگەیە لەسەر شەرعی بوونی ئیعیتکاف، کە بریتییە لە مانەوە لە مزگەوت بۆ گوێڕایەڵیکردنی خوا، و دابڕان بۆ لای ئەو (خۆ یەکلایی کردنەوە بۆی)، وە ئەوەی ئیعیتکاف دروست نییە ئیللا لە مزگەوتدا نەبێت، وە لە پێناسەی مزگەوتەکانەوە ئەوە وەردەگیرێت، کە بریتییە لەو مزگەوتانەی لای ئەوان ناسراوە، کە بریتییە لەوانەی پێنج نوێژەکەی تێدا دەکرێت، وە بەڵگەی ئەوەی تێیدایە کە جیماع لە بەتاڵکەرەوەکانی ئیعیتکافە.
- ﴿تِلۡكَ﴾ ئەو شتانەی باسکراون کە بریتییە لە حەرامێتی خواردن و خواردنەوە و جیماع و هاوشێوەی ئەوانە لە ڕۆژوو شکێنەرەکان لە ڕۆژوودا، وە حەرامێتی ڕۆژوو شکاندن بۆ غەیری کەسێکی مەعذوور، وە حەرامێتی جیماع بۆ کەسی موعتەکیف، و هاوشێوەی ئەوە لە حەرامکراوەکان ﴿حُدُودُ ٱللَّهِ﴾ کە دای ناوە بۆ بەندەکانی، و ڕێگری لێ کردوون لێی، بۆیە فەرمووی: ﴿فَلَا تَقۡرَبُوهَا﴾ کە ڕەوانبێژترە لەوەی بڵێت: (فلا تفعلوها - نەیکەن)؛ چونکە نزیکبوونەوە دەگرێتەوە ئەنجامدانی حەرامکراوەکە خۆی، وە ڕێگری کردن لە هۆکارەکانی کە دەگەیەنێت پێی، وە بەندە فەرمانی پێکراوە بە وازهێنان لە حەرامکراوەکان، وە دوورکەوتنەوە لێی بەوپەڕی توانای، وە وازهێنان لە هەموو هۆکارێک کە بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵام فەرمانەکان ئەوا خوای گەورە تێیدا دەفەرموێت: ﴿تِلۡكَ حُدُودُ ٱللَّهِ فَلَا تَعۡتَدُوهَا﴾ [البقرة: ٢٢٩] بۆیە ڕێگری دەکات لە تێپەڕاندنی.

• ﴿كَذَٰلِكَ﴾ واتە: خوای گەورە حوکمەکانی پێشووی ڕوونکردەوە بۆ بەندەکانی بە تەواوترین ڕوونکردنەوە، وە ئاشکرای کرد بۆیان بە باشترین ڕوونکردنەوە، ﴿يُبَيِّنُ ٱللَّهُ ءَايَٰتِهِۦ لِلنَّاسِ لَعَلَّهُمۡ يَتَّقُونَ ۝١٨٧﴾ چونکە ئەوان ئەگەر حەقیان بۆ دەرکەوت شوێنی دەکەون، وە ئەگەر بەتاڵیان بۆ دەرکەوت لێی دوور دەکەونەوە، چونکە مرۆڤ هەندێک جار حەرامکراو ئەنجام دەدات لەسەر شێوازی نەزانی بەوەی کە حەرامە، وە ئەگەر بیزانیایە حەرامە نەیدەکرد، جا کاتێک خوای گەورە ئایەتەکانی ڕوونکردەوە بۆ خەڵکی هیچ بیانوویەک و بەڵگەیەک نامێنێت، وە ئەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ تەقوا.

حەقیقەت و ڕاستی ڕۆژوو و فەزڵەکەی

ڕۆژوو لە زمانەوانیدا: دەستگرتنەوە (خۆگرتنەوە) (الإمساک)ە، وە لە شەرعدا: (بەندایەتی کردن بۆ خوا بە دەستگرتنەوە لە خواردن و خواردنەوە و هەموو ڕۆژوو شکێنەرەکان لە دەرچوونی فەجری سادقەوە تاوەکو خۆر ئاوابوون).

وە حەقیقەت و ڕاستی ڕۆژوو تەنها خۆگرتنەوەی پەتی نییە لە خواردن و خواردنەوە و هەموو ڕۆژوو شکێنەرەکان؛ بەڵکو ئەو عیبادەتێکی کۆکەرەوەیە بۆ گرتنەوەی ئەندامەکان لە تاوانەکان، وە حەبسکردنی نەفس لە ئارەزووەکان، وە ڕاهێنانی لەسەر چاودێری کردنی خوای گەورە لە نهێنی و ئاشکرادا، بۆیە مەبەست لێی پاککردنەوەی دڵە ، وە ڕاستکردنەوەی ڕەوشت و بەدەستهێنانی تەقوایە کە لەبەر ئەوە لە شەرعدا دارێژراوە ، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی - هەروەکو بوخاری ریوایەتی کردووە - : «مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ، فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ» (هەرکەسێک واز لە وتەی درۆ و کارکردن پێی نەهێنێت، ئەوا خوا پێویستی بەوە نییە کە واز لە خواردن و خواردنەوەکەی بهێنێت).

فەزڵە زۆرەکانی ڕۆژوو،

لەوانە:

١ .**هۆکارێکە بۆ تەقوا :**﴿لَعَلَّكُم تَتَّقُونَ﴾ [البقرة].

٢ .**لە سوننەتی پێغەمبەرانە :**﴿كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبلِكُم﴾ [البقرة: ١٨٣].

٣ .**خێرە و باشترینە بۆ کەسی موسڵمان :**﴿وَأَن تَصُومُوا خَيرٌ لَّكُم إِن كُنتُم تَعلَمُونَ﴾ [البقرة].

٤ .**گەورەیی پاداشتەکەی :**پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: «قَالَ اللَّهُ: كُلُّ عَمَلِ ابْنِ آدَمَ لَهُ؛ إِلَّا الصِّيَامَ، فَإِنَّهُ لِي، وَأَنَا أَجْزِي بِهِ» (خوا فەرمووی: هەموو کردەوەی نەوەی ئادەم بۆ خۆیەتی؛ جگە لە ڕۆژوو، چونکە ئەو بۆ منە، و من پاداشتی دەدەمەوە)، [متفق عليه].

٥ .**لێخۆشبوونی گوناهەکان :**پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: «مَنْ صَامَ رَمَضَانَ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ» (هەرکەسێک ڕەمەزان بەڕۆژوو بێت بە باوەڕ و چاوەڕوانی پاداشتەوە، ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی پێشووی خۆش دەبێت)، [متفق عليه].

٦ .**بۆنی خۆش :**پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: «لَخُلُوفُ فَمِ الصَّائِمِ أَطْيَبُ عِنْدَ اللَّهِ تَعَالَى مِنْ رِيحِ الْمِسْكِ» (بۆنی دەمی ڕۆژووان خۆشترە لای خوای گەورە لە بۆنی میسک)، [متفق عليه].

له ئەحکامەکانی ڕۆژوو

پایەکانی ڕۆژوو:

[١] نیەت:

- **[أ] نیەتی فەرز :** دەبێت نیەتەکە لە شەوەوە بێت -بۆ ڕۆژووی فەرز - واتە پێش فەجر، وە گرێدانی نیەت بە هاتنە ناوەوەی مانگەکە بەسە ، وە جێگاکەی دڵە و وتنی بە زمان بیدعەیە.
- **[ب] نیەتی سوننەت (نەفل) :**وە دروستە لە هەر کاتێکی ڕۆژدا بێت بە مەرجێک ڕۆژوو شکێنەری نەکردبێت، بەڵام پاداشتەکە لە کاتی گرێدانی نیەتەکەوە هەژمار دەکرێت.

[٢] دەستگرتنەوە لە حەوت ڕۆژوو شکێنەرەکە :

١ .خواردن یان خواردنەوە بە ئەنقەست، جا هەرکەسێک لەبیری چوو ڕۆژووەکەی دروستە.

٢ .جیماع، جا ئەگەر لە ڕۆژی ڕەمەزاندا بوو و ڕۆژووەکە واجب بوو لەسەری ئەوا کەفارەتی قورسی (مُغَلَّظَة)ی دەکەوێتە سەر.

٣ .دابەزینی مەنی بە بەرکەوتن (موباشەرە) یان ماچکردن یان لەباوەشگرتن یان هاوشێوەیان.

٤ .ئەوەی لە مانا و حوکمی خواردن و خواردنەوەدایە؛ وەک دەرزی (موغەزی)، بەڵام (دەرزی) ناموغەزی ڕۆژوو ناشکێنێت.

٥ .دەرکردنی خوێن بە کەڵەشاخ (حیجامە)، بەڵام دەرچوونی خوێنی کەم بۆ پشکنین و هاوشێوەی ڕۆژوو ناشکێنێت.

٦ .ڕشانەوە بە ئەنقەست.

٧ .دەرچوونی خوێنی سووڕی مانگانە (حەیز) و خوێنی دوای منداڵبوون (نیفاس).

جۆرەکانی ڕۆژوو:

١. **واجب :**لە ڕەمەزان و کەفارەتەکان و نەزرەکان.

٢ . **سوننەت (نەفل) :**لە جگە لەوانە.

مەرجەکانی واجب بوونی ڕۆژوو:

[١] ئیسلام.

[٢] عەقڵ.

[٣] باڵق بوون (البلوغ).

[٤] نیشتەجێبوون (الإستیطان - واتە سەفەر نەبێت).

[٥] تەندروستی.

[٦] پاک بوونەوە لە حەیز و نیفاس.

- **بەڵام منداڵی نابالْق :** هان دەدرێت بە رۆژوو گرتن و خاوەنەکەی فەرمانی پێ دەکات .

- جا ڕۆژوو واجب نییە لەسەر موسافیر، و باشتر ئەوەیە بەڕۆژوو بێت ئەگەر مەشەقەتی لەسەر نەبوو؛ لەبەر کردەوەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، و لەبەر ئەوەی خێراترە لەوەی لەسەری نەمێنێت فێربوون و ئاسانترە لەسەر کەسی موکەللەف و بۆ بەدەستهێنانی فەزڵی مانگەکە.

بەشەکانی نەخۆشی لە ڕۆژوودا:

(1)   نەخۆشییەک ئومێدی چاکبوونەوەی لێ ناکرێت:

پیر و پەککەوتەوەی بێ توانا لە ڕۆژوو دەگرێتەوە، جا ڕۆژووی لەسەر نییە بەڵام دەبێت لەجیاتی هەر ڕۆژێک خواردن بدات بە هەژارێک، جا بەوەی هەژارەکان کۆبکاتەوە بە ژمارەی ڕۆژەکان و نانی ئێوارە یان نانی نیوەڕۆیان پێ بدات، یان خواردن دابەش بکات بەسەر هەژاران بە ژمارەی ڕۆژەکان بۆ هەر هەژارێک چارەکە ساعێکی پێغەمبەرایەتی واتە: کێشی ٥١٠ گرام لە گەنمی باش، و باشترە وایە ئەوەی لەگەڵی دەخورێت (ئیدام) وەك گۆشت یان ڕۆن لە گەڵیدا بێت .

(2)   نەخۆشییەک ئومێدی چاکبوونەوەی لێ دەکرێت و ڕۆژوو گرتن لەگەڵیدا قورسە:

ئەو ئافرەتەی لەسووڕی مانگانەدایە و زەیسانی و شیردەر و موسافیر دەگرێتەوە ، جا ژمارەی ئەو ڕۆژانە قەزا دەکاتەوە کە ڕۆژووی تێدا نەگرتووە کاتێک چاک دەبێتەوە، جا ئەگەر مرد پێش چاکبوونەوە ئەوا لەسەری دەکەوێت .

بە چی چوونە ناو مانگی ڕەمەزان جێگیر دەبێت؟

[١] یان بە بینینی مانگی ڕەمەزان.

[٢] یان بە تەواوکردنی شەعبان بە سی ڕۆژ.

هەندێک لەوانەی دروستن (موباحن) بۆ ڕۆژووان :

[١] قوتدانی لیک.

[٢] تامکردنی خواردن لە کاتی پێویستیدا.

[٣] خۆشۆردن.

[٤] سیواک کردن.

[٥] بۆن لەخۆدان.

[٦] خۆفێنک کردنەوە (التبرد).

سوننەتەکانی (مستحبات) ڕۆژوو:

[١] پارشێو (السحور).

[٢] دواخستنی پارشێو.

[٣] پەلەکردن لە ڕۆژوو شکاندندا .

[٤] دوعاکردن لەکاتی ڕۆژوو شکاندن و لە کاتی ڕۆژوودا.

[٥] زۆرکردنی خێرکردن (سەدەقە).

[٦] تێکۆشان لە شەو نوێژدا.

[٧] خوێندنی قورئان.

[٨] وتنی : (من بەڕۆژووم) بۆ کەسێک کە جوێنی پێ دەدا.

[٩] ڕۆژوو شکاندن بە خورمای تەڕ (ڕوتەب).

[١٠] عەمرەکردن.

[١١] ئیعیتکاف لە دە شەوی کۆتایی.

[١٢] گەڕان بەدوای شەوی قەدردا (لە دەستی خۆی دەری نەکات).

- ئەگەر خورمای تەڕی دەست نەکەوت با خورما بێت، وە با تاک بێت، جا ئەگەر دەستی نەکەوت ئەوا بە قومێک ئاو، ئەگەر هیچ شتێکی دەست نەکەوت بە دڵی نیەتی ڕۆژوو شکاندن دەهێنێت.

مەکروهەکانی (ناپەسەندەکانی) ڕۆژوو:

[١] زیادەڕەوی کردن لە ئاو لەدەم ڕادان و ئاو لە لووت هەڵکێشان.

[٢] تامکردنی خواردن بەبێ پێویستی.

حەرامە لەسەر ڕۆژووان:

[١] قوتدانی بەڵغەم و ڕۆژوو ناشکێت پێی.

[٢] ماچکردن بۆ کەسێک دڵنیا نییە لە تێکچوونی ڕۆژووەکەی (واتە: دڵنیا نییە لەوەی خۆی پێ دەگیرێت).

[٣] وتەی درۆ (زور) (کە بریتییە لە هەموو قسە و کارێکی حەرام).

[٤] نەزانی (جەهل) (کە بریتییە لە سەفاهەت و بێ لێبوردەیی).

[٥] ویسال (پێکەوەبەستنی ڕۆژووی دوو ڕۆژ) (واتە ڕۆژوو نەشکێنێت بۆ دوو ڕۆژی لەسەریەک).

حوکمەکانی قەزاکردنەوە:

[١] سوننەتە بەدوای یەک بن لە قەزاکردنەوەدا.

[٢] باشترە پەلەی تێدا بکرێت دوای ڕۆژی جەژن.

[٣] دروست نییە قەزاکردنەوە دوا بخات بۆ ڕەمەزانێکی تر.

[٤] جا ئەگەر دوای خست بەبێ هیچ پاساوێك ئەوا جگە لە قەزای ڕۆژووەکە هیچ شتێکی لەسەر نییە تەنها ئەوە نەبێت کە تاوانبار دەبێت.

جۆرەکانی ڕۆژوو بەپێی حوکم:

جۆرەکانی ڕۆژوو:

[١] واجب:

- [أ] ڕەمەزان.
- [ب] کەفارەت.
- [ج] نەزر.

[٢] سوننەت (مستحب):

- [أ] شەش ڕۆژ لە شەووال (دوای تەواوکردنی ڕەمەزان).
- [ب] ڕۆژی عەرەفە (بۆ جگە لە حاجیان).
- [ج] عاشورا (لەگەڵ ٩ و ١١).
- [د] دووشەممە و پێنجشەممە لە هەموو هەفتەیەک (و دووشەممە زیاتر دووپاتکراوەتەوە).
- [هـ] سێ ڕۆژ لە هەموو مانگێک (و باشترینیان ڕۆژە سپییەکانە: ١٣-١٤-١٥).
- [و] ڕۆژووگرتنی ڕۆژێک و ڕۆژوو نەگرتنی ڕۆژێک.
- [ز] مانگی خوای موحەڕەم.
- [ح] نۆی زولحیجە.
- [ط] هەندێک لە شەعبان (نەک هەمووی).

[٣] مەکروە (ناپەسەند):

- به تەنها رۆژووگرتنی هەینی و شەممە و یەکشەممە، (بەڵام ئەگەر بە تەنها ئەو رۆژانەی گرت بەهۆی هۆکارێک وەک ڕۆژی عەرەفە ئەوا ئاساییە).

[٤] حەرام (قەدەغەکراو):

- [أ] به تەنها رۆژووگرتنی مانگی ڕەجەب.
- [ب] دوو ڕۆژی جەژن.
- [ج] ڕۆژی گومان (شک) (جگە لەوەی کە وێردی هەبێت(واتە : پێش ئەوە بەردەوام بووە لە رۆژووگرتن)).
- [د] ڕۆژانی تەشریق (جگە لەو کەسەی کە قوربانی دەست نەکەوێت لە حەجدا).
- [هـ] ڕۆژووی دەهر (هەموو ساڵەکە).

ئامۆژگاری گرنگ بۆ ڕۆژووان لە ڕەمەزاندا

١) با خواردن و خواردنەوەکەت بەپێی پێویستی بێت، چونکە ڕۆژوو دانراوە بۆ ئەوەی برسێتی ڕۆژ بگۆڕێتەوە بە تێربوونی شەو! بەڵکو یارمەتیت بدات بۆ مامناوەندی لەسەر پاکی دڵ و چست و چالاکی عیبادەت، وە بزانە کە وازهێنان لە زیادەڕەوی رازاندنەوە و جوانی پەرستشکارانە. ٢) کەمکردنەوە لە پەیوەست بوون بە ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی (سۆشیال میدیا)، چونکە تەمەنەکان کورتن و ڕەمەزان وەرزێکی بەنرخە، جا سەعاتەکانی رەمەزان بەفیڕۆ مەدە لە سەیرکردنێک کە خێری تێدا نییە، بیگۆڕەوە بەوەی کە پلەت بەرز دەکاتەوە لای خوای گەورە (عز وجل).

٣) کەمکردنەوە لە زۆر تێکەڵاوبوون و کۆبوونەوەکان کە هیچ سوودێکی تێدا نییە، وە با دەرچوونت بۆ بازاڕەکان بەپێی پێویستی بێت، وە زمانت بپارێزە لە قسەی زیادە؛ چونکە ڕۆژوو قوتابخانەیە بۆ کۆنترۆڵکردنی نەفس و ئەندامەکان.

٤) ڕاهێنان بە دەستت بکە لەسەر بەخشین با کەمیش بێت، چونکە خێرکردن لە ڕەمەزاندا پاداشتی گەورەترە، وە بەڵگەیە لەسەر زیندوویی دڵەکان ، وە هەرکەسێک چێژی بەخشین بچێژێت دەزانێت ئەوەی لای خوایە باشتر و دەمێنێتەوە.

٥) دوعا زۆر بکە ، بە تایبەتی لە کاتی پارشێودا ، وە لە کاتی ڕۆژوو شکاندن و لە سوجدەدا؛ ئەمانە کاتەکانی نزیکبوونەوە و وەڵامدانەوەن، وە پەروەردگارت پێی خۆشە زەلیلی تۆ ببیسێت و ملکەچ بیت لەبەردەستیدا.

٦) بەشێک دابنێ بۆ قورئان ڕۆژانە بە جێگیری، خوێندنەوە بێت یان گوێگرتن یان تێڕامان (تەدەببور)، چونکە ئەو بەهاری دڵەکانە، وە مانگی ڕەمەزان مانگی ئەوە، وە هەرکەسێک لەگەڵ قورئاندا بژێت ئەوا ژیانێکی تر دەژێت.

٧) سووربە لەسەر هەستان بۆ پارشێو، چونکە بەرەکەتەکەی گەورەیە، وە کاتی پارشێو زیندوو بکەرەوە بە دوعا و داوای لێخۆشبوون، وە ئەگەر ویستت چەند ڕکاتێک نوێژی سوننەت بکە کە لە پەروەردگارت نزیکت دەکاتەوە و ئارامیت پێ دەبەخشێت.

٨) نوێژی تەراویح بکە بە خشوع و ئارامییەوە لەگەڵ پێشنوێژ (ئیمام) تاوەکو تەواو دەبێت و لێ دەبێتەوە، یان لە ماڵەکەت ئەگەر ئەوە خشوعی زیاتری تێدایە بۆ دڵت، چونکە مەبەست ئامادەیی دڵە نەک تەنها جوڵەی جەستە.

٩) ئەگەر عومرەت بۆ ئاسان بوو لە ڕەمەزاندا ئەوا فەزڵێکی گەورەی تێدایە، وە پاداشتەکەی چەند قاتە، وە ئەوەیش هەلێکە بۆ نوێکردنەوەی پەیمان لەگەڵ خوای گەورە لە ماڵە حەرامەکەیدا.

١٠) ئەگەر توانیت ئیعیتکاف بکەیت لە دە شەوی کۆتاییدا ئەوا بیکە، چونکە پاداشتێکی گەورەی تێیدا ، چونکە ئەوانە ڕۆژانێکی دیاریکراون ڕەنگە ببێتە هۆی لێخۆشبوونێک کە هەرگیز ئەو هەلە نەگەڕێتەوە ، ئەوەش سوننەتێکی دووپاتکراوە کە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) بەردەوام بووە لەسەری.

١١) خەم و کێشەت لە دە شەوی کۆتاییدا با گەڕان بێت بەدوای شەوی قەدردا ، چونکە خوا پەرستی تێیدا باشترە لە خواپەرستی هەزار مانگ، هەرکەسێک موەفەق بێت بۆی ئەوا سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێناوە.

١٢)ئەگەر توانیت خۆت یەکلا بکەیتەوە لە هەموو دە شەوی کۆتاییدا ئەوە خێرێکی گەورەیە، چونکە ئەمانە شەوانێکن ڕەنگە بەندە جارێکی تر پێیان نەگاتەوە.

١٣) ئەگەر نەتتوانی ئیعیتکاف بکەیت ئەوا تێبکۆشە بە شەونوێژ لە زۆربەی شەوانی ئەم شەوە پیرۆزانەدا، ڕەنگە سەعاتێک بە ڕاستگۆییەوە لە گەڵ خوادا بیت چارەنووسی هەموو تەمەنت بگۆڕێت.

١٤) ئەگەر نەتتوانی هەموو دە شەوی کۆتایی زیندوو بکەیتەوە ئەوا شەوانی تاک (وتر) بەهەند وەربگرە، چونکە ئەوانە ئومێدی زیاترە بۆ شەوانی قەدر، وە لە خێر بێبەش ناکرێت ئەوەی ڕاستگۆ بێت لەگەڵ خوای گەورەدا (عز وجل)

١٥) لەم شەوانی دە شەوی کۆتایی پارێزگاری بکە لەسەر ئەو دوعایانەی لە پێغەمبەری خواوە هاتوون : «اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي» (واتە : ئەی خودایە تۆ لێبوردەیت و لێبوردنت خۆش دەوێت بۆیە لێم خۆشبە)، چونکە ئەو دوعایەکی کۆکەرەوەیە بۆ خێری دنیا و قیامەت.

١٦) هەمیشە بیرت بێت کە مەبەست لە ڕۆژوو و شەو نوێژ بەدەستهێنانی تەقوایە، پاککردنەوەی نەفسە، نەک سەرقاڵبوون بە خواردن و مەشغەڵەتەکان؛ جا بەختەوەر ئەوەیە کە لە ڕەمەزان دەردەچێت بە دڵێک کە لە خوا نزیکترە، وە ڕۆحێکی پاکتر و ئیرادەیەکی بەهێزتر لەسەر گوێڕایەڵیکردن.

هۆکارگەلێک کە یارمەتی موسڵمان دەدەن لە ڕەمەزاندا

لەوانەی کە یارمەتی موسڵمان دەدات لەسەر وازهێنان لە تاوانەکان و کەمکردنەوەی پەیوەستبوون بە ئامرازەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و جگە لەوان لە سەرقاڵکەرەکان:

١) ئامادەکردنی گەورەیی ئەم مانگە لە دڵدا؛ چونکە ڕەمەزان وەرزێکی کورتە دەرگاکانی بەهەشتی تێدا دەکرێتەوە، وە دەرگاکانی دۆزەخی تێدا دادەخرێت و شەیتانەکان کۆت و زنجیر دەکرێن؛ هەروەک لە فەرموودەی صەحیحدا هاتووە، جا چۆن شایستەیە بە کەسی ژیر ئەم کاتە بەفیڕۆ بدات؟ بەڕاستی بێبەش بوونی ڕاستەقینە ئەوەیە بەندە لە ڕەمەزان دەربچێت هەروەک چۆن چووە ناوی، بەبێ تەوبە و بەبێ پاکبوونەوە.

٢) ڕۆژوو هێزی ئارەزوو لاواز دەکات و تیژی حەزەکان دەشکێنێت؛ هەر بۆیە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) گەنجانی ڕێنمایی کرد بۆ ڕۆژووگرتن بە فەرمایشتەکەی: «يَا مَعْشَرَ الشَّبَابِ؛ مَنِ اسْتَطَاعَ مِنْكُمُ الْبَاءَةَ فَلْيَتَزَوَّجْ، وَمَنْ لَمْ يَسْتَطِعْ فَعَلَيْهِ بِالصَّوْمِ؛ فَإِنَّهُ لَهُ وِجَاءٌ» (واتە : ئەی کۆمەڵی گەنجان؛ هەرکەسێک لە ئێوە توانای هاوسەرگیری هەیە با هاوسەرگیری بکات، و هەرکەسێک نەیتوانی ئەوا با ڕۆژوو بگرێت، چونکە ئەوە بۆی پارێزەرە (وەک خەساندن وایە بۆ ئارەزوو))، [متفق عليه]، واتە شکێنەری ئارەزووە، جا کاتێک ئارەزوو لاواز بوو ئاسان دەبێت لەسەر بەندە پشت بکات لەو تاوانەی کە قورسی دەبینی لە وازهێنان لێی.

٣) پڕکردنەوەی کات بە گوێڕایەڵیکردن بەتاڵی دەردەکات، چونکە بەتاڵی کات خراپە بۆ نەفس؛ جا ئەگەر ڕۆژەکە سەرقاڵ بێت بە خوێندنی قورئان، و زیکر، و نوێژی جەماعەت، و شەو نوێژ؛ کاتێکی بەرفراوان نامێنێتەوە بۆ گەڕان بەناو پارچە ڤیدیۆ و پەڕەکاندا (لە ئینتەرنێت) بەبێ ئامانج، بزانە کە دڵ ئەگەر سەرقاڵ نەکرێت بە حەقەوە سەرقاڵ دەبێت بە بەتاڵەوە.

٤) ڕۆژوو عیبادەتێکی نهێنییە، کەس ئاگای لێ نییە جگە لە خوا؛ ڕۆژووان خواردن و خواردنەوەکەی بەجێ دەهێڵێت لە تەنیاییدا کە کەس نایبینێت، و ئەمە مەقامی چاودێری (موراقەبە) بۆ خوا (عز وجل) لە دڵدا گەورە دەکات، جا کەسێک چاودێری خوا بکات لە پارووە نانێک و قومە ئاوێک ئاسانە لەسەری کە چاودێری بکات لە سەیرکردنێک یان وشەیەکی حەرامکراو

٥) بیرهێنانەوەی ئەوەی کە ئەندامەکان بەڕۆژوون؛ جا ڕۆژوو لە خواردن نییە بە تەنها؛ بەڵکو لە سەیرکردنی حەرام، و بیستنی قسەی بێمانا (لغو)، و وتەی درۆیە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: «مَنْ لَمْ يَدَعْ قَوْلَ الزُّورِ وَالْعَمَلَ بِهِ، فَلَيْسَ لِلَّهِ حَاجَةٌ فِي أَنْ يَدَعَ طَعَامَهُ وَشَرَابَهُ» (واتە : هەرکەسێک واز لە وتەی درۆ و کارکردن پێی نەهێنێت، ئەوا خوا پێویستی بەوە نییە کە واز لە خواردن و خواردنەوەکەی بهێنێت) [بوخاری ریوایەتی کردووە]، جا ڕۆژووانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئەندامەکانی بەڕۆژوون هەروەک چۆن سکی بەڕۆژووە.

٦) تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگە کاتێکی زۆر بدزن لە مرۆڤ و هەستی پێ ناکات، و ئەویش لە ڕاستیدا بڕینە (اقتطاع) لە تەمەنی کە سەرمایەکەیەتی، وە ڕەمەزان سەرمایەیەکە پاداشت چەند قات دەکرێتەوە تیایدا، جا نابێت وەبەرهێنان بکرێت لە شتێکدا سوودی نییە، چ جا لەوەی زەرەری هەیە.
٧) زۆرخوێندنەوەی قورئان و زیکر تەنگ بە ئارەزووەکان هەڵدەچنێت و ئەنجامدانی تاوان لاواز دەکات؛ چونکە لە دڵدا گەورەیی وتەی خوا لەگەڵ سووربوون لەسەر پەیوەستبوون بە حەرامکراوەوە کۆ نابێتەوە ، خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ تَنۡهَىٰ عَنِ ٱلۡفَحۡشَآءِ وَٱلۡمُنكَرِ﴾ [العنكبوت: ٤٥]، و هەموو گوێڕایەڵییەکی ڕاست ئەم شوێنەوارەی هەیە.

٨) کورتی شەوەکان و خێرایی تێپەڕبوونی مانگەکە بیرخەرەوەیەکی کردارییە بە نەمانی تەمەن؛ جا چەند بە خێرایی دەگوترێت: ڕەمەزان ڕۆیشت! و هەرکەسێک لە خێرایی ڕۆژەکان تێبگات پەلە دەکات لە تەوبە و دوای ناخات، چونکە دواخستن دەردە، و «کردەوەکان بە پێی کۆتاییەکانن» (بوخاری ریوایەتی کردووە)

٩) هاوڕێیەتی پیاوچاکان، وە دانیشتن لەگەڵ ئەهلی قورئاندا، وە دوورکەوتنەوە لە شوێنەکانی فیتنە، هەموو ئەمانە یارمەتیدەرن لەسەر جێگیربوون؛ چونکە مرۆڤ کاریگەر دەبێت بە هاوڕێکەی، وە هەرکەسێک دەوری خۆی دا بە کەشوهەوای گوێڕایەڵی سووک دەبێت لەسەری ئالوودەبوون و خووە ماندووکەرەکان بۆ دڵ.

١٠) بیرهێنانەوەی ئەوەی کە تەقوا بەرهەمی ڕۆژووە؛ هەروەک خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ١٨٣﴾ [البقرة]؛ جا هەرکەسێک سوور بێت لەسەر تاوان لەکاتێکدا بەڕۆژووە ئەوا لە مەبەستە گەورەکە بێبەش بووە، وە بەختەوەر ئەوەیە کە لە ڕەمەزان دەرچوو بە دڵێکەوە کەمتر پەیوەست بێت بە دونیاوە، و بەهێزتر بێت لە بە گەورەزانینی خوا (عز وجل)

تێبینی:

کاتێک ڕەمەزان تەواو دەبێت، بنچینە ئەوەیە لە نیشانەکانی قبوڵبوونی عیبادەت: بەردەوام بوونە لەسەر گوێڕایەڵی و زیادکردن تێیدا، نەک دابڕان لێی، جا دەردەچین لە عیبادەتی ڕۆژوو بۆ عیبادەتی (الله عز وجل) بە نوێژی جەژن، و دەرکردنی سەرفیترە، و تەکبیرکردن، و جۆراوجۆری لەنێوان عیبادەتەکاندا، جا پەرستشێکەوە دەردەچین بۆ پەرستشێکی تر، وە کردەوە چاکەکان بەفیڕۆ نادەین بە شتێکی تر، جا مەبەست بەردەوامبوونی بەندایەتییە بۆ خوا (عز وجل).

له ئەحکامەکانی شەوی قەدر

کاتەکەی :

- ئەو لە مانگی ڕەمەزاندایە؛ بەبەڵگەی فەرمایشتەکەی خوای گەورە: ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَـٰهُ فِى لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ١﴾ [القدر].
- و ئەو لە دە شەوی کۆتاییدایە ؛ بەبەڵگەی فەرموودەی: «تَحَرَّوْا لَيْلَةَ الْقَدْرِ فِي الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ» (واتە : بەدوای شەوی قەدردا بگەڕێن لە دە شەوی کۆتایی لە ڕەمەزان) [متفق عليه].
- ئومێدترین کات کە تێیدا بێت شەوانی تاکە (شەوی ٢١، یان ٢٣، یان ٢٥، یان ٢٧، یان ٢٩)؛ بەبەڵگەی فەرموودەی: «تَحَرَّوْا لَيْلَةَ الْقَدْرِ فِي الْوِتْرِ، مِنَ الْعَشْرِ الْأَوَاخِرِ مِنْ رَمَضَانَ» (واتە : بەدوای شەوی قەدردا بگەڕێن لە تاکەکان، لە دە شەوی کۆتایی لە ڕەمەزان) [متفق عليه]، و هەندێک لەم شەوانە ئومێدی زیاترە لە هەندێکی تر.
- وە رای پەسەندو ڕاست (صحیح) ئەوەیە کە ئەو دەگوازرێتەوە لەنێوان شەوانی تاکدا، و ڕۆژەکەی جیاواز دەبێت لە هەموو ساڵێکدا.

فەزڵەکەی :

- ئەو باشترین شەوانی ساڵە، ناونراوە بە شەوی قەدر واتە: شەرف و ڕێز (تەقدیر).
- عیبادەت تێیدا باشترە لە عیبادەتی هەزار مانگ؛ بەبەڵگەی فەرمایشتەکەی خوای گەورە: ﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٌ۬ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٍ ٣﴾ [القدر].
- جوبرەئیل و فریشتەکان تێیدا دادەبەزن، ﴿تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَـٰٓٮِٕكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا﴾ [القدر: ٤].
- (مَنْ قَامَ لَيْلَةَ الْقَدْرِ إِيمَانًا وَاحْتِسَابًا غُفِرَ لَهُ مَا تَقَدَّمَ مِنْ ذَنْبِهِ) (واتە : هەرکەسێک شەوی قەدر زیندوو بکاتەوە (بە نوێژ) بە باوەڕ و چاوەڕوانی پاداشتەوە ، ئەوا خوای گەورە لە گوناهەکانی

پێشووی خۆش دەبێت) [متفق علیه]، شەو نوێژی تێدا دەکرێت و زیکر، و دوعا، و خوێندنی قورئان، و جگە لەمانەش لە ڕووەکانی خێری تێدا ئەنجام دەدرێت.

ئەوەی سوننەتە تێیدا ئەنجام بدرێت :

- نوێژ، ئەویش گەورەترین کردەوەکانە بە ڕەهایی.
- زۆر دوعاکردن و باشترینی ئەوەیە کە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فێری عائیشەی کرد (خوا لێی ڕازی بێت): «اللَّهُمَّ إِنَّكَ عَفُوٌّ تُحِبُّ الْعَفْوَ فَاعْفُ عَنِّي» (واتە : ئەی خودایە تۆ لێبوردەیت و لێبوردنت خۆش دەوێت ، لێم خۆشبە) [ترمذی و ئیبن ماجە ریوایەتیان کردووە].
- خوێندنەوەی قورئان، و زیکر، و داوای لێخۆشبوون.
- زیندووکردنەوەی بە نەخەوتن، «كَانَ النَّبِيُّ ﷺ إِذَا دَخَلَ الْعَشْرُ: شَدَّ مِئْزَرَهُ، وَأَحْيَا لَيْلَهُ، وَأَيْقَظَ أَهْلَهُ» (واتە : پێغەمبەر ﷺ کاتێک دە شەوەکە دەهات :پشتێنەکەی توند دەبەست (واتە هەوڵی زۆری دەدا و جیاعی نەدەکرد)، وە شەوی زیندوو دەکردەوەو خانەوادەکەی بەخەبەر دەهێنا) [متفق علیه].

نیشانەکانی:

- ئەو شەوێکی هێمن و مامناوەندە، ﴿سَلَٰمٌ هِيَ حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ٥﴾ [القدر].
- (أَمَارَتُهَا أَنْ تَطْلُعَ الشَّمْسُ فِي صَبِيحَةِ يَوْمِهَا بَيْضَاءَ لَا شُعَاعَ لَهَا) (واتە : نیشانەکەی ئەوەیە کە خۆر هەڵدێت لە بەیانی ڕۆژەکەیدا سپییە و تیشکی نییە) [موسلیم ریوایەتی کردووە]؛ وەک ئەوەی ڕووناکییەکان سڕابنەوە لێی.
- حوکمی شەرعی بنیات نانرێت لەسەر ئەم نیشانانە؛ بەڵکو سوودەکەی تەنها دڵنیاییە لە دوای ڕوودانی.

زانای پایەبەرز سەعدی (ڕەحمەتی خوای لێبێت) فەرموویەتی:

تەفسیری سورەتی قەدر - وە ئەو (سورەتێکی) مەککییە

[١] خوای گەورە فەزڵی قورئان و بەرزی قەدری ڕووندەکاتەوە و دەفەرموێت : ﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةِ ٱلۡقَدۡرِ ١﴾؛ هەروەک خوای گەورە فەرموویەتی: ﴿إِنَّا أَنزَلۡنَٰهُ فِي لَيۡلَةٖ مُّبَٰرَكَةٍ﴾ [الدخان: ٣]، و ئەوەش ئەوەیە کە خوای گەورە دەستی کرد بە دابەزاندنی قورئان لە ڕەمەزاندا لە شەوی قەدردا، خوا ڕەحمی کرد بە بەندەکان بەم قورئانە بە ڕەحمەتێکی گشتی، کە بەندەکان ناتوانن شوکرانەبژێری بکەن لەسەری، و ناونراوە بە شەوی قەدر لەبەر گەورەیی قەدرەکەی و فەزڵەکەی لای خوا، وە لەبەر ئەوەی تێیدا بڕیار دەدرێت (يُقَدَّر) ئەوەی دەبێت لە ساڵەکەدا لە ئەجەل و ڕزق و بڕیارە قەدەرییەکان.

[٢] پاشان ڕێزی گەورە کرد و ئەندازەکەی مەزن کرد و فەرمووی: ﴿وَمَآ أَدۡرَىٰكَ مَا لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ ٢﴾ واتە: بەڕاستی ڕێزەکەی بەرز و شکۆمەندە و مەترسیەکەی (گرنگیەکەی) گەورەیە.

[٣] ﴿لَيۡلَةُ ٱلۡقَدۡرِ خَيۡرٞ مِّنۡ أَلۡفِ شَهۡرٖ ٣﴾ واتە: فەزڵەکەی یەکسانە بەرانبەر بە هەزار مانگ، جا کردەوە تێیدا باشترە لە کردەوە لە هەزار مانگدا کە خاڵی بێت لێی (واتە ليلة القدری تێدا نەبێت)، وە ئەمە لەو شتانەیە کە ژیرەکان سەرسام دەبن تێیدا و عەقڵەکان تووشی سەرسوڕمان دەکات، کاتێک خوای بە بەرەکەت و بەرز منەتی ڕژاندووە بەسەر ئەم ئوممەتە لاوازە بە هێز و توانایەك کە شەوێک کردەوە تێیدا بەرامبەرە و زیاترە لە هەزار مانگ، کە بەرانبەر بە تەمەنی پیاوێکی بە تەمەن کە تەمەنێکی درێژی کردبێت، هەشتا و ئەوەندە ساڵ .

[٤] ﴿ تَنَزَّلُ ٱلۡمَلَٰٓئِكَةُ وَٱلرُّوحُ فِيهَا بِإِذۡنِ رَبِّهِم ﴾ واتە: فریشتەکان دابەزینیان تێیدا زۆر دەبێت ﴿مِّن كُلِّ أَمۡرٖ ٤﴾.

[٥] ﴿سَلَٰمٌ هِيَ﴾ واتە: پارێزراوە لە هەموو ئافەت و خراپەیەك و ئەوەش لەبەر زۆری خێرەکەی، ﴿حَتَّىٰ مَطۡلَعِ ٱلۡفَجۡرِ ۝٥﴾ واتە: سەرەتاکەی لە ئاوابوونی خۆرەوەیە و کۆتاییەکەی دەرچوونی فەجرە، وە بەڕاستی فەرموودەکان متواترن (زۆرن) لە باسی فەزڵەکەی و کە ئەویش لە ڕەمەزاندایە، وە لە دە شەوی کۆتاییە لێی، بەتایبەتی لە تاکەکانیدا، ئەوەش دەمێنێتەوە لە هەموو ساڵێکدا تا هەستانی قیامەت، هەر بۆیە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ئیعیتکافی تیایدا دەکرد و خوا پەرستی زۆری تێدا دەکرد لە دە شەوی کۆتایی لە ڕەمەزان، بە ئومێدی شەوی قەدر.

والله أعلم.

له ئەحکامەکانی سەرفیترە (زکاة الفطر)

واجب دەبێت :لەسەر هەموو کەسێک خۆر ئاوابێت بەسەریدا لە کۆتا ڕۆژی ڕەمەزاندا و موسڵمان بێت، جا گەورە بێت یان بچووک، نێر بێت یان مێ، بەندە بێت یان ئازاد، (وە سوننەتە بۆ کۆرپەلە بدرێت). کەسی بەرپرسیار لە جیاتی خۆی، و ئەوەی بەخێوی دەکات دەری دەکات ، ئەگەر زیاتری هەبوو لە خواردنی خۆی و خواردنی خێزانی و پێداویستییە سەرەکییەکانی بۆ ڕۆژی جەژن و شەوەکەی .

حیکمەت لە شەرعییەتدانی سەرفیترە:

[١] ئەوەی پاککەرەوەیە بۆ ڕۆژووان لە قسەی بێمانا (لغو) و قسەی ناشرین (رَفَث).

[٢]بێ نیازبوونی هەژاران و نەدارانە لە داواکردن لە ڕۆژی جەژندا.

بڕی سەرفیترە:

ساعێک (صاع) لەو خواردنەی کە خەڵکی دەیخۆن، وە پارە جێگەی ناگرێتەوە، و بڕی ساعەکە دوو کیلۆ و چل گرامە لە گەنمی باش.

کاتی دەرکردنی سەرفیترە:

(١) **کاتی دروستی (جواز) :**ڕۆژێک یان دوو ڕۆژ پێش جەژن.

(٢) **کاتی سوننەت (استحباب) :**پێش نوێژی جەژن دوای فەجر.

(٣) **کاتی حەرام (تحریم) :**دوای نوێژی جەژن.

له ئەحکامەکانی نوێژی جەژن

حوکمی نوێژی جەژن :فەرزی عەینە (لەسەر هەموو کەسێکە) لەسەر پیاوان و ئافرەتان پێکەوە، پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) فەرموویەتی: «لِيُخْرِجْ الْعَوَاتِقُ ذَوَاتُ الْخُدُورِ وَالْحُيَّضُ، وَيَعْتَزِلُ الْحُيَّضُ الْمُصَلَّى، وَلْيَشْهَدْنَ الْخَيْرَ وَدَعْوَةَ الْمُؤْمِنِينَ» (واتە: با کچانی گەنجی پەردەنشین و ئەوانەی لەسوڕی مانگانەدان دەربچن، و ئەوانەی لەسوڕی مانگانەدان دوور دەکەونەوە لە شوێنی نوێژەکە، و با ئامادەی خێر و دوعای باوەڕداران بن) [متفق عليه].

کاتەکەی :کاتەکەی دەست پێ دەکات بە هاتنی کاتی نوێژی نەفل (چێشتەنگاو)، و ئەوەش بە بەرزبوونەوەی خۆرە بە ئەندازەی ڕمێک دوای هەڵهاتنی، وە کۆتایی دێت بە لادانی خۆر (زەوال) کە کاتی هاتنی نیوەڕۆیە، وە قەزا ناکرێتەوە ئەگەر کاتەکەی چوو.

ئەوەی سوننەتە لە نوێژی جەژندا:

[١] ئەنجامدانی لە دەشت و دەر (موصەڵا).

[٢] پەلەکردنی نوێژی جەژنی قوربان.

[٣] دواخستنی نوێژی جەژنی ڕەمەزان.

[٤]چەند خورمایەک بە تاک بخوات پێش نوێژی جەژنی ڕەمەزان.

[٥]خۆی پاک بکاتەوە و بۆن لەخۆی بدات.

[٦]جوانترین جلوبەرگی لەبەر بکات.

[٧]لە ڕێگەیەکەوە بڕوات و لە ڕێگەیەکی ترەوە بگەڕێتەوە.

شێوازی نوێژی جەژن:

پێشنوێژ (ئیمام) دوو ڕکات نوێژیان پێ دەکات بەبێ بانگ و قامەت، لە یەکەم رکاتدا حەوت تەکبیرە دەکات بە تەکبیرەی ئیحرامەوە، و لە دووەمدا پێنج تەکبیرە دەکات جگە لە تەکبیرەی هەستانەوە (قیام)، دەستەکانی بەرز دەکاتەوە لەگەڵ هەموو تەکبیرەیەک و سوپاسی خوا دەکات و سەڵاوات دەدات لەسەر پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) لەنێوان هەموو دوو تەکبیرەدا، پاشان فاتیحە و سورەتێک دەخوێنێت، دەنگی بەرز دەکاتەوە لە خوێندنەوە تێیدا، و سوننەتە خوێندنەوە تێیدا بە (الأعلى) و (الغاشية)، یان (ق) و (القمر) بێت.

جا کاتێک سەلامی دایەوە دوو (خوتبە) دەدات بۆیان؛ وەک دوو وتاری هەینی، تەنها ئەوە نەبێت کە تێیدا باسی حوکمە گونجاوەکان دەکات بۆ ئەو کاتە.

پیرۆزبایی جەژن:

هیچ گوناهی تێدا نییە پیرۆزبایی کردن بۆ جەژن بە وتنی: (تَقَبَّلَ اللَّهُ مِنَّا وَمِنْكُم) (واتە : خوا لە ئێمە و ئێوەشی قبوڵ بکات) و هاوشێوەی ئەوە.

سوننەتە لە دوو جەژنەکەدا تەکبیرات بکرێت:

[١] تەکبیری ڕەها (مُطْلَق):

لە مزگەوت و ماڵ و بازاڕ و لە هەموو کاتێکدا.

[٢] تەکبیری بەستراوە (مُقَيَّد):

لە دوای پێنج نوێژە فەرزە (لە جەژنی قورباندا بە تایبەتی).

کاتی تەکبیر:

[١] لە جەژنی ڕەمەزان:

دەست پێ دەکات بە ئاوابوونی خۆری کۆتا ڕۆژی ڕەمەزان و کۆتایی دێت بە نوێژی جەژن.

[٢] لە جەژنی قوربان:

تەکبیری ڕەها دەست پێ دەکات بە ئاوابوونی خۆری کۆتا ڕۆژی ذولقەعدە.

و تەکبیری بەستراوە دەست پێ دەکات بە دەرچوونی فەجری ڕۆژی عەرەفە.

و هەردووکیان کۆتاییان دێت بە ئاوابوونی خۆری کۆتا ڕۆژی ڕۆژانی تەشریق (١٣ی زولحیجە).

چەند پرسیارێك بۆ خوێنەر

[١] ڕۆژوو فەرز کراوە تەنها لەسەر ئوممەتی موحەممەد (صلی الله علیه وسلم) نەك ئوممەتانی پێشوو:

( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٢] ئامانجی سەرەکی لە ڕۆژوو بریتییە لە بەدەستهێنانی تەقوا: ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٣] خوا ڕوخسەتی ڕۆژوو نەگرتنی داوە بە نەخۆش و موسافیر لەگەڵ قەزاکردنەوە لە دواتردا:

( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٤] کاتی ڕۆژوو لە دەرچوونی خۆرەوە تاکو ئاوابوونی خۆرە : ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٥] شەوانی ڕۆژوو دروست نییە تێیدا خواردن و خواردنەوە بخورێت : ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٦] فەرمایشتەکەی خوای گەورە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ﴾ بەڵگەیە لەسەر: ( ) تایبەتمەندی ڕۆژوو بۆ ئەم ئوممەتە. ( ) ئاسانکاری لە ئەحکامەکانیدا. ( ) نەسخ بوونەوەی ڕۆژووی ئوممەتانی پێشوو.

[٧] ئامانج لە ڕۆژوو کە لە ئایەتەکەدا باسکراوە بریتییە لە: ( ) ڕێکخستنی جەستەیە . ( ) ڕاهێنانی نەفس لەسەر برسێتی. ( ) بەدەستهێنانی تەقوایە. ( ) تەنها زۆری عیبادەت.

[٨] کێیە ئەوەی ڕوخسەتی پێ دراوە بۆ ڕۆژوو نەگرتن لە ڕەمەزاندا؟ ( ) هەموو ئەوانەی ماندوو دەبن.

( ) نەخۆش و موسافیر. ( ) ئەوەی حەزی بە ڕۆژوو نییە. ( ) تەنها پیر.

[٩] کاتی دەستگرتنەوە (إمساك) دەست پێ دەکات لە: ( ) هەڵهاتنی خۆر. ( ) بانگی بەیانی. ( ) نیوەشەو. ( ) دوای نوێژی بەیانی

[١٠] چییە ئەوەی دروستە (موباحە) لە شەوی ڕۆژوودا؟ ( ) تەنها خەوتن. ( ) خواردن نەك خواردنەوە.

( ) جیماع لەگەڵ ئافرەتان. ( ) وازهێنان لە پارشێو.

[١١] ڕۆژوو شەرعێنرا لە مانگی ( ) شەعبان، ( ) ڕەمەزان، ( ) شەووال) لە ساڵی ( ) ٢، ( ) ٧، ( ) ٣)ی کۆچی، و پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) ( ) ٩، ( ) ٥، ( ) ٨) ڕەمەزان بەڕۆژوو بووە .

[١٢] ژمارەی ڕۆژانی ڕۆژوو ( ) ڕۆژانێکی دیاریکراو، ( ) ڕۆژانێکی زۆر، ( ) ڕۆژانێکی دیاری نەکراو)، و ئەو مانگێکە ( ) کامڵ: ٣٠ ڕۆژ، ( ) کەم: ٢٩ ڕۆژ، ( ) کامڵ یان کەم دێت.

[١٣] ئەوەی توانای ڕۆژووی نییە و فیدیەی لەسەرە بریتییە لە: ( ) موسافیر. ( ) ساغ (صحیح). ( ) پیر. ( ) پەککەوتە (عاجز).

[١٤] ڕۆژوو شکاندن دەبێت لە: ( ) ئاوابوونی خۆر. ( ) بانگی بەیانی. ( ) نیوەشەو.

[١٥] ڕستەکە بگەیەنە بەوەی گونجاوە لەگەڵیدا:

كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ	ڕوونکردنەوەی کورتی ماوەی ڕۆژوو..
أَيَّامٗا مَّعۡدُودَٰتٖ	لێچواندنی پەیوەندی هاوسەرگیری
فَعِدَّةٞ مِّنۡ أَيَّامٍ أُخَرَ	تەشریعی قەزاکردنەوە.
هُنَّ لِبَاسٞ لَّكُمۡ وَأَنتُمۡ لِبَاسٞ لَّهُنَّ	ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ڕۆژوو عیبادەتێکی کۆنە

[١٦] بانگەواز بە ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ ئاڕاستە کراوە بۆ باوەڕداران بە تایبەتی نەك کەسانی تر:

( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[١٧] هەر ئایەتێک بە ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ دەست پێ دەکات فەرمانێک یان نەهیەک یان ڕێنماییەکی شەرعی لەخۆ دەگرێت: ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[١٨] ئەم بانگەوازە بەڵگەیە لەسەر ڕێزلێنان لە بانگکراوان بە ئیمان: ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[١٩] هاتنی ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ واتە حوکمەکە تایبەتە بە سەردەمی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) تەنها: ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٢٠] بەدەنگەوەچوونی ئەم بانگەوازە لە تەواوی ئیمانە: ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٢١] بانگەوازی ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ بەڵگەیە لەسەر: ( ) گشتی بۆ هەموو خەڵکی. ( ) ڕێزلێنان و ئاگادارکردنەوە. ( ) هەڕەشە و ترساندن. ( ) تەنها هەواڵدان.

[٢١]زۆربەی جار ئەو ئایەتانەی کە ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ تێیدایە چی لەخۆ دەگرێت؟: ( ) چیرۆکی پێغەمبەران. ( ) هەواڵی ئوممەتەکان. ( ) چەند حوکمێکی شەرعی. ( ) تەنها وەسفی بەهەشت.

[٢٢] لە ئادابی مامەڵەکردن لەگەڵ بانگەوازی ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾: ( ) بیستنی بەبێ کردەوە. ( ) تەئویل کردنی بەوەی کە لەگەڵ ئارەزوودا دەگونجێت. ( ) گوێگرتن و بەدەنگەوەچوون. ( ) دواخستنی بۆ کاتێکی تر.

[٢٣] فەرمایشتەکەی خوای گەورە: ﴿يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا﴾ بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئیمان: ( ) وتەیە بەبێ کردەوە. ( ) کردەوەیە بەبێ وتە. ( ) وتە و کردەوەیە. ( ) تەنها زانینی دڵە.

[٢٤] ئەگەر گومانمان هەبوو لە شتێک ئایا ڕۆژوو شکێنەرە یان نا؛ ئەوا بنچینە نەشکاندنیەتی: ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٢٥] هەرکەسێک پارشێو بکات ئەوا سوننەتی ئەنجام داوە ئەگەرچی لە ناوەڕاستی شەویش بێت:

( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٢٦] سوننەتە ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە بە ڕەهایی (بۆ هەموو کەس): ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٢٧] کەسی خۆبەخش (لە ڕۆژووی سوننەت) واجبە لەسەری تەواوی بکات: ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٢٨] هەموو نەخۆشییەک ڕێگرە لە ڕۆژوو: ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٢٩] زانایان -ڕەحمەتی خوایان لێبێت- شێوازیان هەیە لە ناونانی دەروازەکان (بابەکان)، وە ماناکە یەکە، بەڵام لە وشەدا جیاوازە، جا لە دەستنوێژدا ناوی دەنێن (هەڵوەشێنەرەوەکان - نواقض)، و لە خۆشۆردندا

(هۆکارەکان - موجبات)، و لە باسی نوێژدا (بەتاڵکەرەوەکان - مبطلات)، وە لە ڕۆژوودا (ڕۆژوو شکێنەرەکان - مفطرات)، وە لە ئیحرامدا (قەدەغەکراوەکان - محظورات): ( ) ڕاست. ( ) هەڵە.

[٣٠] ژمارەی پایەکانی ڕۆژوو: ( ) دووان. ( ) سیان. ( ) چوار.

[٣١] حوکمی هەر یەکێک لەم کردەوانەی خوارەوە بۆ ڕۆژووان باس بکە:

شتەکە	حوکمەکەی		شتەکە	حوکمەکەی
ڕۆژووی زەیسانی			خۆشۆردن	
ڕۆژووی پەککەوتە			ڕۆژووی موسافیر	
خواردنی خوار لە کاتێکدا بە رۆژوو بوو			سیواک	
نیەتی ڕۆژووی هێنا دوای فەجر			بوخوور	
قەتەرەی چاو			نوێژی تەراویح	
دەرزی ئازارشکێن			عەمرە لە ڕەمەزان	
کەڵەشاخ (حیجامە)			زیادەڕەوی لە ئاو لەدەم ڕادان	
ڕشانەوە			ماچکردن	
قوتدانی لیک			تامکردنی خواردن	
ویسال بۆ دوو ڕۆژی لەسەریەک			دواخستنی قەزا بۆ ڕەمەزان	

خەوتن			ڕۆژووی مانگی ڕەجەب	
ڕۆژووی ڕۆژی عەرەفە			ڕۆژووی دەهر (هەموو ساڵەکە)	
ڕۆژووی ڕۆژی گومان			ڕۆژووی ڕۆژی هەینی	
ڕۆژووی ڕۆژی جەژن			ڕۆژووی شەش رۆژ لە شەووال	
ڕۆژووی ڕۆژانی تەشریق			دەرزی موغەزی بۆ ڕۆژووان	
ڕۆژووی مانگی موحەڕەم			ڕۆژوو بەبێ نیەت	
ڕۆژووی منداڵ				

لینکی کەناڵەکانی پەیمانگای سوننە

رابطُ التِّلجرام:

رابطُ الفيس بوك:

مَوقِعُ مَعهَدُ السُّنَّةِ:

رابطُ الواتساب:

رابطُ التويتر (X):

رابطُ الانستغرام:

رابطُ تَحميلِ الكُتُبِ:

قَناةُ اليوتوب: